# دەنگی نارەزایەتی خوێندکارانی دەربەندیخان بەرزڕاگرن!

**ڕێبوار عارف**

fediraq@welho.com

هێشتا هەواڵی سەرکەوتنەکانی خوێندگارانی بەصرە دژبە تاقمە نیرۆریستەکانی مقداد سەدر وەك پێویست بەرگوێی خوێندکارانی کوردستان نەکەوتبوو، وا خوێندکارنی دەربەندیخانیش سەرکەوتنێکی تریان بەسەر ئیسلامی سیاسی دا لە ئارشیفی خەباتکارانەی خۆیاندا تۆمار کرد.

ماوەیەك لەمەوبەر شارەوانی شاری دەربەرندیخان بڕیاری دروستکردنی مزگەوتێکیدا لە نزیك سێ قوتابخانەی ( ئامادەی پێشەوا، ئامادەیی دەربەندیخان، قوتابخانەی ڕاپەڕین ). شایەنی باسە کە کارەکانی ئەم پڕۆژەیە تا ئاستی بناغە پڕکردنەوەو پایەدانان درێژەی پێدرا. بەلام دروستکردنی ئەم مزگەوتە هەر لەسەرەتای دەست بەکاربوونەوە ڕووبەڕووی شەپۆلی نارەزایەتی خۆێندکاران بووەو لێبڕاوانە ڕایانگەیاند ئەگەر بێتو دروستکردنی ئەو مزگەوتە لەو شوێنەدا ڕانەگیرێت، ئەوا ئێمە هێزی خۆمان بۆ نارەزایەتی دەبڕین دەهێنینە سەر شەقامەکان ودەستدەکەین بە بەرپاکردنی خۆپیشاندان و نارەزایەتی دەربڕین. بەم شێوەیە شارەوانی دەربەرندیخان هەفتەی ڕابردو لە ژێر گوشاری خوێندکاراندا ناچاربوو بەوەی کە بڕیاری ڕاگرتنی دروستکردنی مزگەوتەکە بدەن و لەم ڕێگەیەشەوە خوێندگاران سەرکەوتنیکی مەزنیان لەئەرشیفی خەباتکارانەی خۆیاندا دژ بە ئیسلامی سیاسی تۆمارکرد!

گومانی تیدانیە لەم سالانەی ڕابردودا کوردستان لەلایەك بەهۆی برسیەتی و بێکاری و هەژاری و دەورو قۆستنەوەی ئەو هەل و مەرجە لەلایەن کۆڕو کۆمەڵە ئیسلامی یەکانەوەو لەلایەکی تریشەوە بەهۆی پشگیری و هاوکاری کردنی حزبە دەستەلاتدارەکان و پێشبڕکێی نیوان پارتی و یەکیتی بەمەبەستی ڕاکێشانی سەرنجی زۆرترین ژمارەی کۆروکۆمەڵە ئیسلامیەکان بۆ خۆیان هەر لایەکیان بەجیا لە ناوچەکانی ژێر دەستەلاتی خۆیاندا لە هەوڵی کردنەوەی زیاترین و زۆرترین مەزگەوت و تەکیەو ڕەواجدان بە ئاین و داب و نەریتی ئیسلامدا بوون. تا کار بەوە گەشت کە لە هیچ کوێرە لادێ یەکدا کە ئەگەر خەڵکی ئاوای لە خستەخانەو قوتابخانەو هەرجۆرە پڕۆژەیەکی ئاوەدان کردنەوەش بێ بەشبن ئەوا دەبوو باشترین بیناو بنارەی مزگەوت وەك دومەڵ بە لاشانی ئاوای یەدا بکێشرایە. تا لەم ڕێگەوە هێزێکی زیاتری حزب و لایەنەکان بە دوای خۆیاندا بکیشن. بۆیە ئەم بارودۆخە بووە هۆی ئەوەی کە کوردستان بکرێتە مەڵبەندی زۆرترین ژمارەی ئەو مزگەوتانەی کە دەکرانە بنکەو بارەگای بارهێنانی ئیسلامی یەکان و لەڕێگەی مێشکشتنەوەی لاوانەوە ترسانکترین و نا ئومیدانەترین بارودۆخیان لەنیو لاوانی کوردستاندا دروست خولقاندو هەر ئەم کردەوانەش بوونە هوی ئەوەی کە تەنانەت ئەم حزبانە خۆشیان باجی هەڵەکانی خۆیان بدەن و بەلام لە هەموو حاڵەتەکاندا لاوان و خویندکاران قوربانیانی ڕیزی پێشەوەی ئەم سیاسەت و سات و سەوداو نەهامەتانە بوون.

بەداخەوە دەمێك ساڵە دەبەرندیخانم نەدیوەو نازانم لەهەر کۆلان و کەلەبەرێکدا ئاخۆ چەند مزگەوتی تیدا کرابێتەوە. بەلام لەوەیان دڵنیام کە لاوانی دەبەرندیخان لە کەمترین پێداویستی یەکانی ژیان و شوێنی سەرگەرمی و وەرزشگای جۆراوجۆرو شانۆو مەلەوانگەو کافیتریاو پارك و جێ ژوان و سینەماو بنەکەی هونەری و ئەدەبی و مەلبەندی ڕۆشنبیری و یانەی چالاکی جۆراوجۆری کۆمەلایەتی و... بێ بەشن. لە وەیان دڵنیام کە تا ئەم سالانەی دوایش زۆرترین ژمارەی بێکاری لە نێو لاوان و خوێندکاراندا شەپۆلی دەدا. هەر ئەمە بارودۆخەش وای کرد کە دەرەبەندیخان ببێتە یەکێك لەگەورەترین شارەکانی کوردستان کە زۆرترین ژمارەی لاوانی ڕوو بکەنە هەندەران و ژمایەکی زۆریشیان لەو ڕێگەو بانەدا بوونە قوربانی خەونی ژیانێکی ئاسیش بۆ بەهرمەندبوون لە ماف و ئازادیەکانی خۆیان لە گۆشەیەکی ئەم جیهانەدا. کە بێگومان بێ بەش بوونی لاوان و خوێندکاران لە پێداویستی و خەون و ئارەزوەکانیان تەنها تایبەمەندی لاوان و خوێندکارانی دەربەندیخان نیەو لە چەند ساڵی ڕابردا لاوان و خوێندکاران گەورەترین توێژی کۆمەلگای کوردستان بوون کە لەباتی هەموو ماف و ئازادی و بەختەورەیەکیان، کراونتە سووتەمەنی شەڕەکانی ناوخۆو برسی یەتی و بێکاری و هەژاری و هەرەتی تەمەنی لاوابیان لەگەل زۆرترین ناهەمواری و تراژیدیاو ناخۆشیدا بەسەربردو تازە ئەگەر کەسانێك شانسی بەردەوام بوونی خوێندیشیان هەبووبێت ئەوا لەگەڵ جۆرەها ئاستەنگی و کێشەو گیرو گرفتی سیاسی و کۆمەلایەتی و ئابوریدا دەست و پەنجەیان نەرم کردوە. کە تەنها یەکێك لەو کێشانە کە ڕەنگە کەمترین سەرنج و گرنگی پێدرابێت، لە پەنا دەست بوونی مزگەوتەکان و ئیزعاجکردنی خوێندکارانە بە دەنگە دەنگ و هات و هاواری بانگ و مەلاو منجات و مەولو پرسەو حدیس وقورئان خوێندنەوە. ئالێرەدایە کە ئەم هەنگاوەی خوێندکارانی دەربەندیخان لە پەیوەند بە ڕێگرتن بە کردنەوەی مزگەوت لە نزیك خوێندکاکانی خۆیانەوە، هەنگاوێکی گرنگەو دەبێت

لەلایەن هەموو کەسانێکی ئازادیخوازو بەرگرێکەر لە ماف و ئازادیەکانی لاوان و خوێندکاران جێگەی ستایش وبەرزڕاگرتن بێت. نەك هەر ئەمە بەلکو جێگەی خۆیەتی کەخوێندکارانی شارو شاروچکەکانی تریش ئەم دەست پێشخەریەی خویندگارانی دەربەندیخان بکەنە دەستمایەیەکی گرنگ و لەهەر شوێنێك مزگەوت لە دەوروبەری خوێندگاکانەوە هەبێت بە توونترین شێوە بکەوێتە بەردەم ناڕەزایەتی دەربڕینی شارستانیانەی خویندکاران و کار بۆ هەڵسپاردن و داخستنیان بکرێت. تا بتوانرێت ئارامترین وئاساییشترین خوێندنگا بۆ خوێندکاران دەست بەربکرێت. بەلام دەبێت ئەو ڕاستی یەمان لە یاد نەچێت کە بەهەموو ئەمانەشەوەو تەنانەت بە داخستن و دورخستنەوەی هەموو مزگەوتەکان لە خوێندگاکان هێشتا ناتوانرێت نیگەرانیە گەورەترەکانی دیووی ناوەوەی مزگەوتەکان بشاریتەوە. چونکە دورخستنەوەی ئەم مزگەوتانە لە خوێندگاکان تەنها هەنگاوێکە بۆ دەستەبەر کردنی ژینگەیەکی تەندروستیدار لە خوێندنگاکاندا، ئەوەی کە جێگەی مەترسیەکی زیاترو زۆرترەو پێویستە خوێندگاران خەباتی بۆ بکەن، ڕیشەکێش کردنی مزگەوتەکانی ناوەوەی خوێندگاکانە. ئەوە تەنها وانەکانی ئاین نیە لە خوێندگاکاندا کە بە دەر لە هیچ حەزو ئارەزویەکی خوێندکاران داسەپاوەو بووتە وانەیەکی ئیجباری، بەڵکو تەنانەت هەندێکی تریش لە وانەکان لەژێر کاریگەری داب و نەریتەکانی هەمان ئایندا لێواولێو بوون بە تایبەت ئەمە لەبواری مێژوو ئەدەب و جغرافیاو پەروەردەشدا بە ڕۆشنی بەدی دەکرێت. کە لە ڕاستیدا هەموو ئەمانەدەبێت قەدەغە بکرێن! دیاریدەیەك کە لەمانەش مەترسیدار تربێت ، دەخالەتی ئاینە لە ژیانی فەردی و مەدەنی خویندکاراندا تەنانەت لە ناو پۆلی خویندنگاکانیشدا. لەم سالانەی ڕابردودا سنووری دەخالەتی ئاین و داب و نەریتەکەی لە ژیانی فەردی خوێندکارندا بەو جێ یە گەشت کە چەندین کەس بوونە قوربانی. کەمنین ژمارەی ئەو خوێندکارانەی کە لە یەك دوو سالی ڕابردودا بە تاوانی خۆشەویستی دەخالەتی مامۆستایان لەمبارەوە کاریان بەوە گەیاندبێت کە کچان لەترسی کەشف نەبوونی پەیوەندیەکانیان ناچار بە خۆکوشتن و خۆسووتان بوون. لەکاتێکدا کە پشکنینی گیرفان و جانتاو شتو مەکی خۆیندکارانی کچان بە ئاشکرا دەبێتە دیاریدەیەکی بەرچاو لە خوێندگاکانداو گرتنی نامەی خۆشەویستی دەبێتە هەوێنی سزادانی خویندکاران. بۆیە بەبڕوای من لە ئێستەدا پێویستە خەباتی خوێندکاران پێ بنێتە قوناغیکی تری ئەوتۆوە کە بتوانیت خالێ یەکانگیرو سەرتاسەری بزوتنەوەی خوێندکاران بێت لە ئیستەدا کە ئەویش ( جیاکردنەوەی تەوای دین لە خویندن و پەروەردە )!

بەدڵنیای ئەگەر لاوان لە قوناغی ئەمڕۆدا شیعاری ( جیاکردنەوەی تەوای دین لە خویندن و پەروەردە ) نەکەنە ئالای تێکۆشانی خۆیان، ئەوا بە جێکەوتن و دارشتنی دەستوورەکانی حکومەتی ئیسلامی عیراق ، باری شانی خوێندکاران و لاوان و بەتایبەت جچان و ژنان قورستر دەبێت و گومان لەوەدا نیە کە زۆرێك لە دەستکەوتەکانی ئەم چەند ساڵەی ڕابردوشمان لێزەوت دەکەنەوەو پاشەکشە بەدەنگ و ڕەنگی ڕادیکال و بەرەی عەلمانی و سکۆلارو مودیرنی کۆمەڵگای کوردستان دەکەن. کە دەست تیکەلکردنی پارتی و یەکیتی لەگەل لیستی شیعەکاندا سەرەتای قۆناغیکی نوی لەو مەترسیانەیە کە ئیسلامی سیاسی زیاتر خۆی بۆ هێرش هێنان و داسەپاندنی یاساکانی خۆیان ئامادە دەکەن . ئەمەش دروست بە پیچەوانەی سروشت و خواست و ئارەزوەکانی خوێندکارن و لاوانەوەیە.

خوێندکارنی کوردستان وەك بەشێکی سەرەکی لەو بەرە مۆدێرن وپێشەکەوتوخوازو سکۆلارەیە کە ئەمڕۆ دەستوپەنجە لەگەل ئەنتەرنیت و کۆمپیوتەر و سەتلایت وتازەترین تەکنەلۆژیاکانی ژیانی شارستانی سەردەمدا نەرم دەکەن و بەدوای دواین لێکۆڵینەوە زانستی یەکان و علم و داهێنانەکانی مرۆڤایەتیەوەن، ماحالە بتوانێت شان بداتە بەر ئەو بارودۆخەی کە بەهۆی دەخالەتی ئاین لە هەموو بوارەکانی ژیاندا کلاورۆژنەی ئایندەمان بەرەو کزبوون و تاریك بوونێکی زیاترەوە پاڵپێوە بنێت.

بۆیە لەپاڵ هەموو ئەو ڕاستیانەشدا کە خوێندکاران داینەمۆی ئالوگۆڕ پێکردنی ئەم دۆخەن و دەتوانن بە بەدەستەوەر گرتنی شیعاری( جیاکردنەوەی تەوای دین لە خویندن و پەروەردە )وە دەورێکی چارەنووساز و گرنگیان هەبێت لە ئایندەیەکدا کە خوێندکان لەسەر بنچینەیەکی زانیستی بتوانیت هاوکێشەکان لەبەرژەوەندی خۆیاندا بگۆڕن. بەلام دەورو جێگەو ڕێگەی حزب ورێکحراوەکانیش لەپشگیری کردنی ماف وداخوازیەکانی بزوتنەوەی خوێندکاران و ناساندن و دابین کردنی پلاتفۆرمیکدا کە وەلام بە ڕیزی خەباتکانەو یەکگرتووی خویندکاران بداتەوە، حزب و لایەنێك کە لە کێشمەکێشە سیاسی و کۆمەلایەتیەکانی ئەمڕۆی کوردستان وعیراقدا بتوانێت دەوری هەبێت و سەربازی ئامادەی یەکانی حکومەت و پەرلەمانی ئەمڕۆی عیراق بۆ پشگیری کردن لە حکومەتێکی ئاینی و دانانی دەستووریك کە لە ئاین و داب و نەریتەکانی ئیسلامەوە سەرچاوەی گرتبێت، بتوانێت هاوکێشەکان لەبەرژەوەندی بزوتنەوەیەکی رادیکال و سکۆلارو عەلمانیدا بشکێنێتەوە.

تیکۆشانی ئاینده سەنگی مەحەکە بۆ دەست نیشان کردنی ڕۆلی ئەو لایەنەی کە بە کردەوە دەچێتە پای داخوازیەکانی خوێندکاران. کە شەڕو ڕووبەڕووبوونەوەکانی ئەمرۆژانەی شاری بەسرەش لە نیوان خوێندکارنی زانکۆ و ئیسلامەیەکاندا بەلگە نەویستێکی ڕۆشنە بۆ دایاری کردنی جیگەو ڕێگەی حزبی کۆمۆنیستی کریکاری عیراق لەم کیّ بەرکیّ یەدا، کاتیك کەکار بەوە گەشتبیت کە تاقمەکەی سەدر بە ئاشکرا لە ڕێگەی دەزگاکانی ڕاگەیاندنی خۆیانەوە دان بنێن بەوەدا کە ئەوە ( حزبی کۆمۆنیستی کریکاری )یە لە پشت خویندکارانی زانکۆیەو هانیان دەدات بۆ سەرپێچی کردن لە یاساو داب ونەریتەکانی ئایانی ئیسلام ...) ئەمە مشتێك لە خەرواری ئەو راستی یانەیە کە دەکرێت دەورو جێگەو ڕێگەی (حککع ) پیّ هەلبسەنگێنرێت لە پشتگیری کردنی بزوتنەوەی خوێندکاراندا. کەواتە بۆ بەهێزکردنی بزوتنەوەی خوێندکاران دەست لەناودەست پێکەوە بلێن بژی ( جیاکردنەوەی تەوای دین لە خویندن و پەروەردە )!

2005 / 4 / 4